سەید حەکیم داوا دەکات پەرەسەندنی ناوچەکە بەکۆتا بێت و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن شوێنی بگرێتەوە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێز نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز ستیفن فیگن کاربەڕێگەری کارەکانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا کەوت و لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و پتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی لەنێوان هەردوو وڵات کرا.

سەماحەتی حەکیم بانگەشەی دووپات کردەوە بۆ چارەسەری کێشەی چەکی دەرەوەی سنووری دەوڵەت و ڕوونیکردەوە کە گرنگە بە باشی مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسێیە بکرێت بەپێی بەرژەوەندی نیشتمانی عێراقی و بەپێی پلان و کات وس تی عێراقی دیاری کراو، دووپاتیشی کردەوە کە چارەسەری ئەو کێشەیە شایستەیەکی دەستوورییە و بەرژەوەندییەکی نیشتمانییە و هەموو ئەو ئەرکانەی بەرز نرخاند کە بەشداربوون لە ئازاد کردنی خاکی عێراق و گەڕانەوەی شکۆی دەوڵەت.

.سەبارەت بەدۆخی ئابووری سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە فرەیی ئابووری و زیادکردنی دەروازەکانی هەناردەکردنی نەوت وزیادکردنی بەرهەمهێنان پێویستە کە د□ بێت لەگەڵ سامانی عێراق و ژمارەی دانیشتوانی بگونجێت،لەگەڵ قەبارەی ئەو زیانانەی بەهۆی تیرۆر و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە بەریکەوتوە، داواشی کرد ئەو پەرەسەندنەی ناوچەکە بوەستێنرێت و لەبری ئەو گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن هەبێت بۆ ئەوەی سەقامگیری و هێوری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە.